Komala Party- Iranian Kurdistan

کومه له – سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# مەڕاسیمی ئەوەڵی مانگی مەی لە سویس بە گەرمی پێشوازی لێ کرا

مەڕاسیمی ڕۆژی جیهانی کرێکار ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو ، هەرەک وڵاتانیتری دونیا لە سویسیش لە لایەن هەزارا ن کرێکار وخەبات کاری بواری کرێکاری و ئەحزاب و سازمانە کانی داکۆکیکەر لە ماڤی کرێکاران لە شارە جوراوجورەکانی سویس لەوانە ، زوریخ ، بیرن، و ژنێڤ بە میتینگ و ڕێپێوان و شادی و خۆشی دەستی پێکرد ،کە لەو میتینگ و ڕێپێوانانەدا کە بۆ ڕێز گرتن لە م ڕۆژە سازماندرا بوون، نۆێنەرانی کرێکاران و سەندیکاکانی کرێکاری ویستەکانی ئەوانیان هێنایە گۆڕێ و داواکاریەکانیان مەترەح کردن ، مەحوە رە هەرە سە رەکی ئەو ویست و داخوازیەنە بریتی بون لە زیاد کردنی حەق دەست ، وە حقوقی بەرابر لە بەرابەر کاری بەرابەر دا بۆ ژن و پیاو ،تاکو ئێستاش لە بەینی حەقدەستی ژن وپیاو دا 20% ئیختیلاف هەیە ، هەروە ها لەسەرئەوەی کە حەقدەستەکان ئیختیلافێکی عەمیقیان لە بەیندایە بەتوندی ڕەخنە گیرا وجودی ڕاسیسم لە کۆمەڵگادا و چەوسانەوەی لە ڕادە بەدەری کرێکارانی بێیانی کەوتە بەر ڕەخنەی توند ی باسکاران.

ئەوسالیش بەشداری بەرچاوی ئەحزاب و سازمانە خاریجەکان لەو بۆنەیە دا بەرچاو بوون لە وانە ڕیکخراوە کوردیەکان بە تایبەت باکور ، ئێرانیەکان ، ئەمریکای باشور، فەلەستینی و سیریلانکی بەشدار بوون،کومیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش وێڕای ڕیکخراوە سیاسیەکانی دیکە لەو مەڕاسیمە شکۆدارانە دا بە شداری کرد و وبە باس و وتووێژ لە گەڵ چالاکان سیاسی ئێرانی لە سەر مەسائیلی ڕۆژ و زەرورەتی خەباتی وهاوکاری بۆ ڕسواکردنی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران لە سویس لە مەسەلانە بوو کە زۆر باسی لەسر کرا . ئەو باسانە کەش و هەوایەکی تایبەتی بەخشی بە یادی یەکی ئەیار.

ئەو مەڕاسیمە تادرەنگانێک بە هە ڵپەڕکێ و نومایشی جۆراوجۆر خۆشی وشادی دڕێژەی کێشا.

سەرکەوتوبێ خەباتی کریکاران بۆوەدیهێنانی مافەکانیان
کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران – کومیتەی سویس
**2.5.2006**

## چەند وێنەیەک لە مڕاسیمی ئەوەلی مانگی مەی لە سویس- زوریخ




KEINE
KEINEN
JA
UN


KEINE
KEINEN
JA
am 11. Mai


KEINE
KEINEN
JA
Hoch die Internationale
Solidarität !









**زوريخ 2.5.2006**